# ئۆپۆرتۆنیسم و گەلی کورد

شێخ جەنگی هیرانی

گەلی کورد هەر لەسەرەتایەوە هەڵگری ڕەوشتە بەرزەکان بووە بەئازایەتیو ڕاست گۆیيو دڵسۆزيو وەفاداريو خاوەنی قسەو پەیمانی خۆی بووە، لەگەڵ نەتەوە هاوسنوورەکانی هەمیشە حەزی لەدۆستایەتی کردووە بەهۆی ئەو خاکەی کەلەسەری دەژێیت کەکوردستانە، بەڵام نەتەوەکانی هاو سنوور هەر لەو کاتیەوە هەوڵیانداوە گەلی کورد بچەوسێننەوە بەهۆی زمان خۆشیو لەژێرەوەش پیلان دانان، واتا بەهۆی پەیرەوکردنی ئۆپۆرتۆنیسم، هەمیشە بەکاری درێوو ناشیرین زیانیان لەگەلی کورد داوەو بەگەلێکی دڕندە لەقەڵەمیان داوە کەچی هەر لەکاتی هاتنی ئیسلام گەلی کورد ئیسلام بووەو خوێنی بۆ ڕشتوەو پارێزگاری کردووە، کەچی دوژمنانی گەلی کورد بەپێچەوانە بوون بەرامبەر گەلی کورد، هەمیشە بێ هەڵوێستو بێ پەیمان بوون، هەروەکو چۆن سەرۆک خێلی (بەنی عباس) کەبەهاوکاری کوردو فارسەکانە گەیشتنە فەرمانڕەوایي پاش ڕوخاندنی ئەمەویەکان کەسەرکردەی ئەوکات کورد بوو بە (ئەبومسلم خوراسانی)بەناوبانگ بوو، ناوی خۆی(بەهزادان)بوو، بەڵام پاش ئەوەی دەسەڵاتی پتەوو بەهێز بوو خەلیفە(ئەبوجەعفەری مەنسور) زۆربە شێوەیەکی ئۆپۆرتۆنسیمی بەشێوەیەکی درێوو دۆڕاو پاش میوانداری کردن بەکارەساتێکی دڵتەزێن کوشتيو بەچ تەڵەیەك لەژێرناوی دۆستایەتيو میوانداریدا، کەئەمەش ئەوە دەگەینێت کەوا بەقسە بەرەنگێك خۆیان پیشان دەدەن لەژێرەوەش ڕەنگێکی ترن، وە هەروەها وەك چۆن نوێنەری کوردو سەرکردە (دکتۆر عبدولرەحمان قاسملۆ) لەسەر سفرەی میوانداريو وتووێژدا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەبانگهێشتی ئێرانو بەداخوازی ئێران، بەڵام لەپەنای میوانداريو گفتوگۆدا دکتۆر قاسملۆو هەڤاڵانی لەپایتەختی نەمسا شەهید کران، ئەمەش هەر لەبەرئەوە بووە، پەیرەوی سیاسەتی ئۆپۆرتۆنیسم کراوە بەرامبەر گەلەکەمان، هەروەها هەموو ئەو سەرۆك حزبانەی تورك، لەتورکیا کەکاتی هەڵبژاردن دێت، خێرا دەچنە ناو گەلی کورد لەکوردستانی باکوور بەگەلێ شێوە وەعدو پەیمانیان دەدەنێ، کە کورسی فەرمانڕەواییان وەرگرت، ئیتر پشتیان لێ دەکەن، بەڵکو خراپە کاریشیان بەرامبەردەکەن، بەڵام ئێستا زۆر لەتاکەکانی کۆمەڵ پەیرەوی ئۆپۆتۆنیسم دەکەن لەپێناو قازانجو بەرژەوەندیەکانیان دەچنەلای بەرپرسەکانو ئاغاکانیان ماستاو ساردەکەنەوە فرو فێلێکی زۆر دەکەن بەروێکی شۆڕشگێر خۆیان نیشان دەدەن، کەچی ئەو جۆرە کەسانە بەدوای هەلدا دەگەڕێن، تا ئامانجەکانیان دەهێتەدی، پاشان هەر بەخۆیان گەندەڵیان دەکەنو مافی خەڵکیتر بایکۆت دەکەن، چونکە ئەمانە لەسەر هیچ هەڵوێستێك نینو باوەڕیان بەهیچ شتێك نیە، تەنها لە بەرژەوەندی خۆیان نەبێتو ئەمانەش دۆڕاون لەژیان دا.

گەڵی کوردیش لەبەر ئەوەی زۆر زەرەرو زیانی دیوە لەپەنای ئەم سیاسەتە ئۆپۆرتۆنیسمە، ئێستاش دەبێت خۆی لێ بەدوور بگرێتو کۆمەڵگا توشی ئەم گەندەڵیە نەبێت، دوور بێت لە ئۆپۆرتۆنیسم، دیموکراسیو یەکسانيو تەبايیو برایەتی ڕاستەقینە ڕەچاو بکات.

سەرچاوەکان:

کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکان/ جەمال نەبەز

فەرهەنگی نوێ / بورهان قانع